پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق
كوردستان ـ هەولێر
ژمارە :
بەروار :

IRAQ- KURDISTAN
PARLIAMENT
Kurdistan-hawler
No:
Date:

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
ژمارە: ٢٠٢٦
بەروار: ١٤/٦/٢٠١٠
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان

## بۆ/ سەرۆكايەتی پەرلەمانی كوردستان- عێراق

## ب/ پرۆژە ياسا

سڵاوو ڕێزمان...

ئێمە ژمارەی ياسايی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، كە لەخوارەوە واژوومان كردووە داواكارين بەزووترين كات پرۆژەی ( هەموار كردنی ياسای [illegible] لە هەرێمی كوردستان ) بخرێتە بەرنامەی كارەوەو خوێندنەوەی يەكەمی بۆ بكرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | واژوو |
|---|---|---|
| ١- | تەلار لطيف محمد | [signature] |
| ٢- | گەشە دارا حفيد | [signature] |
| ٣- | ئاواز حميد حسين | [signature] |
| ٤- | عديلة ايوب | [signature] |
| ٥- | د. جوان اسماعيل عزيز | [signature] |
| ٦- | مريم محمد عيسى | [signature] |
| ٧- | نجيبة لطيف احمد | [signature] |
| ٨- | شكرية سايل مصطفى | [signature] |
| ٩- | كەژاڵ هادی صبحی | [signature] |
| ١٠- | شيفا ابراهيم حسين | [signature] |
| ١١- | ئاراز شيخ جنگی | [signature] |

| | | |
|---|---|---|
| ١١- | د. يسرى صالح معوضة | |
| ١٢- | شيلان الجعفر علي | |
| ١٣- | هيفا حاجي ميرخان | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

# پرۆژەی هەموارکردنی یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی

مادة (١)

١- زیاد کردنی (لەش کڕ) لە ماددەی (١) بەم شێوەیەیە:

لەش کڕ: ئەو کەسەیە کە بۆ ئەنجام دانی کاری سێکسی هەڵدەستێ بە پێدانی پارە یان هەر دەستکەوتێک بجێتە چوار چێوەی کاری بەرامبەرەوە.

٢- ماددەی (٢) لە یاساکە بەم شێوەیە بێت: لەش فرۆشی و دە لاڵی و لەش کڕی قەدەغەیە بە پێی ئەم یاسایە.

مادة (٢)

٣- زیاد کردنی برگەی تر بۆ ماددەی (٣) بەم شێوەیە:

آ- هەر کەسێک شوێنکاری بە کار بهێنێت بۆ لەش فرۆشی یان کارەکەی یان کەسانی ناو شوێنکارەکەی بە کار بهێنێت.

ب- لەش کڕ سزا بدرێ بە بەند کردن (السجن).

٤- ماددەی (٤) بەم شێوەیە بگۆڕدرێت:

لەش فرۆش دەنێررێت بۆ یەکێک لە خانەی چاک سازی ئامادە کراو بۆ ڕێنمایی و ئامادە کردنەوە یان بۆ ماوەیەک کە لە ٦ مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێک زیاتر نەبێت.

٥- زیاد کردنی ئاستی نزمی سزا لە ماددەی(٥) بەم شێوەیە:

آ- هەر کەسێک کوڕێک یان ژنێکی هێشتەوە بۆ لەشفرۆشی لە جێگەیەک بە هەڵخەڵەتاندن یان بە زۆر یان بە هێز یان بە هەڕەشە، هەر قوربانییەکە تەمەنی زیاتر لە ١٨ ساڵ بوو سزا دەدرێ، لە ٥ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ١٠ ساڵ زیاتر نەبێت.

ب- سزا دەدرێ بە بەند کردن کە لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ١٥ ساڵ زیاتر نەبێت، گەر قوربانییەکە لە ١٨ ساڵ کەمتر بوو.

٦- ماددەی (١١) ، گۆڕینی بڕگەی(٣) لە ماددەی (١١) بە شێوەیە :

آ- گەر بۆ دادگا دەرکەوت لە ڕێگای ڕاپۆرتی فەرمی کە دەست بە سەر دا گیراو دەتوانێ مامەڵەی ئاسایی خۆی بکا.
واتە بڕگەی(العیش الشریف) لا ببرێت.

٧- ماددەی(١٢) ئەم بڕگەیە بە کۆتایی ڕستەکە زیاد دەکرێت:
گەر دەرکەوت هۆکاری هەڵهاتنەکە پەیوەندی بە کارگێڕی و فەرمانبەرانی خانەی چاکسازییەوە هەبوو ئەوا سزا دەدرێن بە هەمان سزای هەڵهاتوو.

٨- بڕگەی (١) لە ماددەی(١٠).

لا بردنی ووشەی (بوسیلة شریفـة) بکرێت بە (بوسیلة اعتیادیة).

٩- زیاد کردنی ماددەیەکی تر بەم شێوەیە:

بۆ قوربانیانی کاری لەشفرۆشی حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتەکانی پەیوەندیدارەوەکار بکات بۆ هاوکاری کردن و ئامادە کردنیان بۆ ناو کۆمەڵگا، دووای تەواو بوونی ماوەی دەست بە سەردا گرتن.

## هۆکاری دەرچونی ئەم یاسایە:

بە مەبەستی کەم کردنەوەی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر ژنان، بە دیهێنانی یەکسانی لە بەردەم یاسادا.